گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/ep6qxz06

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 11/01/2025

ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/04/2025

ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# کاریگەرییەکانی شانۆی مۆدێرن لەسەر پرۆسەی دەرهێنان لەشانۆی "باوک"دا

**گۆران عەلی کەریم**

Goranalikarem@gmail.com

**پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن، وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**پوختە**

لەم دەیان ساڵەی دواییدا شانۆی مۆدێرن لە هەرێمی کوردستاندا، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانەی لەناو شانۆدا دروستبون، یان لەزۆر بواری وەک (ڕێکخستنی شانۆ و دروستکردنی پانتای نوێ و دەستگەیشتن بەسەرچاوە زانستییە شانۆییەکان). گومانی تێدانییە دەرهێنەرانی شانۆکاری کورد، توانیویانە دەستیان بگات بە ئامرازە مۆدێرنەکانی شانۆ و بتوانن کاری لەسەر بکەن. ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕویداوە، ڕاستەوخۆ هۆکار بوە لەبەرجەستەکردنی ئاسۆیەکی نوێ بۆ دەرهێنەر و نوسەر و ئەکتەرە و بەشەکانی تری شانۆ، بۆ بەرجەستەکردنی کەشێکی داهێنەرانەو خوڵقاندنی هونەرێکی پێشکەوتو.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەخستنەڕوی ئەو کاریگەریانەی شانۆی مۆدێرن دروستیکردون لەسەر پرۆسەی دەرهێنان لە شانۆی باوکدا، بەتایبەت ئەو کاریگەریانەی شانۆی مۆدێرن دروستیکردون لەسەر دەرهێنەرانی شانۆکاری کورد. بۆ ئەو مەبەستە بەپێی ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ توێژینەوەکە بەکارهاتوە.

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا پشتی بەنمایشی شانۆی (باوک) بەستوە، ئەم شانۆیە لەنوسینی (ئاگۆست ستریندبێرگ) و دەرهێنانی (سدیق عەزیز)ە. توێژەر بەمەبەست ئەم نمایشە شانۆییەی هەڵبژاردوە، لەبەرئەوەی چەند جارێک ئەم نمایشە لەلایەن توێژەرەوە بینراوە و لەڕێگەی تۆماری ڤیدۆیشەوە لەبەردەستدا بوە. هەروەها بەبەبڕوای توێژەر و بەپێی ئەو شیکاریەی بۆ نمایشیکردوە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی دەرهێنەر پەیڕەوی بنەماکانی شانۆی مۆدێرنی کردوە، بەپێی هەڵبژاردنی دەق و مامەڵەکردن لەگەڵ پانتایی شانۆ و بەرهەمهێنانی مانا لەناو نمایشدا.

توێژەر هەوڵیداوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەپێی پسپۆڕیەکەی، کە (دەرهێنانی شانۆیە)، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری ئەنجامبدات بۆ نمایشی شانۆیی (باوک) لەدەرهێنانی هونەرمەند (سدیق عەزیز)، تاوەکو لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە شانۆکاری کورد ئاشنابکات بە کاریگەرییەکانی هونەری شانۆیی مۆدێرن لەسەر دەرهێنەرانی شانۆکاری کورد. هاوکات دەرخستنی توانا و جیهانبینی دەرهێنەری شانۆکاری کورد لەناو ڕەوتی شانۆیی مۆدێرندا و توانای پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاری نوێ لای دەرهێنەرانی شانۆی کوردی.

کلیلە وشە: شانۆی مۆدێرن، دەرهێنان، شانۆیی کوردی، باوک، ئاگۆست ستریندبێرگ، سدیق عەزیز.

# The Influence of Modern Theater on the Directing Process in the Play "Father"

**Goran Ali Karim**

Sulaimani Institute of Fine Arts, General Directorate of Institutes and Training, Ministry of Education, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

In recent decades, modern theater in the Kurdistan Region has seen significant progress, particularly due to technological advancements in theater, such as stage design, the creation of new sets, and access to theatrical resources. It is evident that Kurdish theater directors have managed to utilize modern theatrical tools and work with them effectively. The results of these developments in recent years have directly contributed to the emergence of a new horizon for directors, writers, actors, and other theater professionals, fostering a creative atmosphere and inspiring advanced artistry.

The objective of this research is to examine the effects of modern theater on the directing process in the play Father, particularly the influence of modern theater on Kurdish theater directors. To achieve this goal, the study employs a descriptive-analytical methodology.

The researcher has focused on the theatrical performance Father, written by August Strindberg and directed by Sadiq Aziz. This play was selected because the researcher has watched it multiple times and had access to its video recordings. Additionally, based on the researcher’s analysis, it is evident that the director adhered to the principles of modern theater in terms of text selection, stage treatment, and the production of meaning within the performance.

In this study, the researcher—drawing from their expertise in theater direction—aims to conduct a descriptive-analytical examination of the play Father, directed by artist Sadiq Aziz. Through this research, the goal is to familiarize Kurdish theater practitioners with the influence of modern theatrical art on Kurdish theater directors. At the same time, the study seeks to reveal the capabilities and vision of Kurdish theater directors within the framework of modern theater, as well as their ability to produce innovative work in Kurdish theater.

**Keywords**: Modern Theatre, Directing, Kurdish Theatre, Father, August Strindberg, Sadiq Aziz

**پێشەکی:**

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زیاتر لەهەمو سەدەکانی تر، زۆرترین بزوتنەوەی هونەری شانۆ سەری هەڵداوە. ناشکرێت ڕەوتێک بەسەر ڕەوتێکی تریاندا سەربخەین. چونکە هەمو جوڵانەوە هونەرییەکان کاری داهێنەرانەیان کردوە. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی مۆدێرنە لەشانۆدا، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لەو سەردەمەدا ئاراستەی بیری هونەرمەندان گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینی، هاوکات تێزی جیاواز جیاواز لەسەر هونەر و ئەدەب و بەدیاریکراویش لەشانۆدا خرانەڕو.

گومانی تیدانییە دەرهێنەرانی شانۆیی کوردی، لەژێر کاریگەری دەرهێنەرانی جیهانی و وڵاتانی دروانسێدا پەرەیان بەکاری هونەری شانۆ داوە. ساڵانی دوای (٢٠٠٣)، لەپاش ڕوخانی حکومەتی بەعسەوە، دەروازەی وڵاتانی دەرەوەی عێراق لەبەردەم شانۆکاری کورددا کرایەوە و توانیان بەشداری فێستڤاڵە جیهانییەکان بکەن. هەروەها لەڕێگەی بونی پەیوەندییەکانی ئەنتەرنێتەوە، توانرا ئاشنایەتی لەسەر شانۆیی جیهانی زیاتر پەیدابکرێت، بەتایبەت شانۆی مۆدێرن. دەرهێنەرانی شانۆیی کوردی، لەژێر کاریگەری دەرهێنەرانی شانۆیی مۆدێرندا، پەرەیان بە شانۆکانیانداوە. بەتایبەت لەشێوازی هەڵبژرادنی دەق و ئامادەکردنی ئەکتەر بۆ نمایش و بەکارهێنانی ڕوناکی و ڕێکخستنی ستەیج لەنمایشەکانیاندا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوەکە:**

بێگومان شانۆکاری کورد لەبەردەم چەندین ئاستەنگ و ئاڵانگاریدایە بۆئەوەی نمایشێکی شانۆی ئەنجام بدەن. هەندێک جار کێشەی چیرۆک و بابەتی تێکست دەبێتە لەمپەرێک بۆ دەرهێنەر، هەندێک جاریتر نەبونی هۆڵی گونجاو لەسەر بنەمای شانۆیەکی مۆدێرن دەبنە ئاستەنگ بۆ کارکردنی دەرهێنەری کورد. زۆرجاریش نەبونی هاوکاری مادی بۆ شانۆ دەبێتە کێشەی بەردەم شانۆکاران. بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگیانە شانۆکاران بەردەوامن لە داهێنان و پێشکەشکردنی کاری نوێ و بەبێ ماندوبون و کۆڵنەدان لەسەر شانۆکان ئامادەبونیان هەیە.

کارکردن بەجیهانبینیەکی نوێ و دروستکردنی نمایش لەسەر بنەماکانی شانۆی مۆدێرن، توێژەری بەرەو ئەو ئاڕاستەیە برد کەکاربکات لەسەر (کاریگەریەکانی شانۆی مۆدێرن لەسەر پرۆسەی دەرهێنان لەشانۆی باوکدا). چونکە لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەشێک لەدەرهێنەران لە باشوری کوردستان، شانۆکانیان لەسەر بنەمای شانۆی مۆدێرن بونیاددەنا. بەتایبەت لەژێر کاریگەی دەرهێنەرانی وەک (ئەندرێ ئەتوان و ستانسلافسکی و مایرهۆڵد و ڤاختانکوف) و چەندین دەرهێنەریتر. کە هەر یەکێک لەم دەرهێنەرانە بەشانۆکاری مۆدێرن ناوزەددەکرێن. هەڵبەتە شانۆکاری کورد لەژێر کاریگەری شانۆی دەرەوەی خۆیدا کاری کردوە، ئەم کاریگەریانە لای هەندێک لە دەرهێنەران بۆتە نوێگەری و کاری تازە لەبواری شانۆدا، بەتایبەت ساڵانی ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە و ساڵانی هەشتاکان، سەرەتای کارکردنی شانۆی مۆدێرن بوە لای بەشێک لە دەرهێنەرانی شانۆی کوردی، چونکە زیاتر پشتیان بە میتۆدی ستانسلافسکی دەبەست.

بۆیە توێژەر تیشکی خستۆتە سەر لایەنی دەرهێنانی شانۆیی، لەبەرئەوەی دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمی نمایشی شانۆییە و لەڕێگەی ئەوەوە بونیادی نمایشەکە دروست دەبێت. هەروەها دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین، دەرهێنەر بەرپرسە لەهەمو پێکهاتەکانی نمایشی شانۆیی، هەر لەهەڵبژاردنی دەقی شانۆیەکە و ئەکتەر و سەرجەم پێداویستییەکانی تری نمایشەکە. لەم ڕوانگەیەوە توێژەر ئەو پرسیارەی لادروست بو، ئایا (کاریگەریەکانی شانۆی مۆدێرن لەسەر پرۆسەی دەرهێنان لەشانۆی کوردی)دا چییە؟ ئایا دەرهێنەری کورد تائێستا توانیویەتی کار لەسەر بنەمای شانۆی مۆدێرن بکات؟

ئایا شێوازی ئەو کاریگەریانە چییە لەشانۆی مۆدێرندا، بەسەر دەرهێنەری شانۆکاری کوردەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە توێژەر شیکردنەوەی بۆ نمایشی شانۆی (باوک) کردوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

هەمو توێژینەوەیەک گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەگەر ئەو توێژینەوەیە دەرخستنی چەند لایەنێکی نەبینراو نوێ بێت، بۆ بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لەناو کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا. بێگومان ئەم توێژینەوەیەی ئەنجامدراوە چەند گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەیە هەروەکو:

١- سودی دەبێت بۆ دەرهێنەرانی شانۆکاری کورد.

٢- سودی دەبێت بۆ کتێبخانەی کوردی.

٣- سودی دەبێت بۆ توێژەران و ڕەخنەگران، بۆئەوەی وەک سەرچاوە بەکاریبهێنن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- بەشێوەیەکی گشتی ئاشنابون بە هونەری شانۆی مۆدێرن.

٢- خستنە ڕوی کاریگەرییەکانی شانۆی مۆدێرن لەسەر دید و ڕوانینی دەرهێنان لەنمایشی شانۆی (باوک)دا

**سنوری توێژینەوەکە:**

١- سنوری کات: ساڵی (٢٠١٩)

٢- سنوری شوێن: شاری سلێمانی

٣- سنوری بابەتی: کاریگەرییەکانی شانۆی مۆدێرن لەسەر پرۆسەی دەرهێنان لەشانۆی باوک دا.

**پێناسەی زاراوەکان**

شانۆی مۆدێرن: العبودی پێناسەی کردوە بەوەی "زمانی نمایشی شانۆی مۆدێرن، بونیاددەنرێت لەسەر بنەمای پێکهاتەی شێوە و وێنە و تەنیا پشت بەزمانی دیالۆگ نابەستێت، بەڵکو گرنگی دەدات بە ئاماژە و گوزارشتە وێنەییەکان" (العبودی:٢٠٢١:١٦٧).

گریک پێناسەی کردوە "بۆ ڕزگارکردنی شانۆکەمان، دەبێت ئەوەی هەیە بیڕوخێنین و شانۆیەکی ئایندەی بونیادبنێین" (یفانز:١٩٧٩:٤٣).

پێناسەی ڕێکاری: ئەو نمایشە شانۆییانەی بە جیهانبینییەکی نوێ لەناو پانتاییەکی نوێدا پێشکەش دەکرێن.

هەردو دەرهێنەرانی شانۆیی: فرید و عبدالحمید پێناسەیان کردوە بەوەی "هونەری دەرهێنان، کرداری بەرجەستەکردنی دەقی شانۆییە، لەڕێگەی سەرچاوەکانی بیستن و بینین و جوڵەی سەر شانۆ" (فرید & عبدالحمید:١٩٨٠:٥).

پێناسەی ڕێکاری: دەرهێنەر ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی دەقێکی شانۆیی و پاشان ئەکتەر ئامادەدەکات و لەسەر شانۆ دید و بۆچونی خۆی لەنمایشێکدا بەرجەستە دەکات.

**چوارچێوەی تیۆری**

**شانۆی مۆدێرن**

مۆدێرن هەستکردنە بە ڕۆحی ئەوسەردەمەی کەمرۆڤ تێیدا دەژی، ئەمەش کارێکی هێند ئاسان نییە هونەرمەندان ڕاستەوخۆ کاری لەسەر بکەن، بەڵکو پێویستیان بە هۆشیاری و ڕۆشنبیری هەیە بۆئەوەی بتوانن لەگۆشەنیگا جیاوازەکانەوە بەشێوازێکی ناراستەوخۆ شانۆکانیان نمایش بکەن. شانۆ لەقۆناغی مۆدێرنەدا زیاتر گرنگی دەدا

بە گوزارشتکردن لەگەیاندنی بیروبۆچونەکاندا، وەک لەوەی گرنگی بدات بەدەق. بۆئەمەش دەرهێنەرەکان گرنگیان دەدا بەسەرچاوە جیاوازەکانی نمایش، وەک (جەستە و سینۆگرافیا و ڕوناکی) و پێداویستیەکانی تر.

(گۆردن گریک یەکێک بو لەو دەرهێنەرانەی بەدەر لەدەق شانۆی، گرنگی دەدا بە بەشەکانی تری شانۆیی و مانای نوێی لەناو دەقدا بەرهەمدەهێنا) (اردش،سعد:١٩٧٩:١٠٠). شانۆکارانی مۆدێرن، سەرەتا هەنگاوەکانیان لە ئامادەکردنی دەقەوە دەستپێکرد، پێیانوابو ناکرێت دەرهێنەر وابەستەی تەواوی بۆچونەکانی نوسەر بێت. بەڵکو دەبێت دەرهێنەر خاوەنی دیدگا و بۆچونی خۆی بێت و ئاراستەی نوێ لەناو دەقەکەدا بدۆزێتەوە. دەرهێنەرێکی وەک مایرهۆڵد پێیوایە (دەرهێنەر دەتوانێت ٢٥٪ دەق نوسەر لەسەر شانۆ بەرجەستە بکات، ئەوەی تری بەرهەمهێنانی خەیاڵی دەرهێنەرە) (مایرخولد:١٩٧٩:١٢٨).

دەرهێنانی شانۆیی ئەو پرۆسەیەیە کە ئەدەبی نوسراو دەگوازێتەوە بۆ هونەرێکی بینراو، کەتێیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نمایشەکە ڕوبەڕوی بینەران دەبێتەوە. دەرهێنەرەکان بۆ پرۆسەی دەرهێنانیان هەرکەسەیان پەیرەوی ستایل و شێوازی کارکردنی خۆی دەکات و خەیاڵ و جیهانبینی خۆی تێکەڵاوی ئەو شێوازە دەکات کە دەیەوێت کاری لەسەر بکات. دەرهێنان تێکەڵەیەکە لە ئەزمون و توانا و جیهانبینینی دەرهێنەر کە بەشێوەیەکی زانستی و هونەری کارەکەی ئەنجامدەدات.

دەرهێنەری پۆلەندی (لیۆن شیللر) پێیوایە (ناکرێت بڵێین شانۆ تەنیا ئەکتەرە، یان دیزاینەری دیکۆر و نوسەری شانۆی و میوزسیان و جێبەجێکارە، بەڵکو شانۆ داهێنراوێکە بۆ ئەو هەمو وزە مرۆڤایەتی و هونەری و تەکنیکە، کەلەژێر ڕکێفی تەنیا کەسێکدایە ئەویش دەرهێنەرە) (عید: ١٩٨٦:٢٧٣).

گۆڕان بەسەر هونەری شانۆدا، لەوکاتەوە دەستیپێکرد کە قوتابخانەی ڕیالیزمی، شۆڕشی بەسەر قوتابخانەی ڕۆمانسیەتدا کرد. ڕیالیزم بەرپەرچدانەوەی دابونەریتەکانی سەردەمی خۆی بو. بانگەشەی ئازادی لەبەردەم هەمو کۆسپ و نەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کرد. ڕیالیزم لەبواری شانۆدا توانی تۆماری مۆدێرنە بۆخۆی دەستەبەر بکات. چونکە هونەر هەڵگری تەنیا یەک ستایل و یەک پەیام نییە، بەڵکو دۆزینەوەی جیهانی نوێ و فۆرمی نوێیە. (وشەی هونەر گرنگی دەدات بە داهێنان و کاری پیشەیی، وشەی دەرهێنانیش گرنگی دەدات بە ڕێکخست و دارشتن و پێکهاتنی گشتییەوە. ئەمەش کۆکردنەوەی کرداری داهێنان و کرداری پیکهاتنە) (امل:٢٠٠٩:١١). کەواتە داهێنان سەرچاوەی هونەری شانۆی مۆدێرنە.

سەدەی بیستەم زۆرترین ڕێباز و قوتابخانەی هونەری تێدا لەدایکبوە، شانۆ لەم سەردەمەدا لە کۆتوبەندە دینی و خورافییەکان و شێوازە باوەکان دورکەوتەوە و گەڕایەوە بۆ کێشە و پرسیارەکانی مرۆڤ. مرۆڤ و کێشەکانی هەڵسورێنەری ڕەوتی هونەری نوێ بون. هەر بۆیە زۆربەی دەقە شانۆییەکان و قوتابخانە شانۆییەکان هەمویان کاریان لەسەر مرۆڤ دەکرد، وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن عەقڵ و دەرون و ئاکار، مرۆڤ و کێشەکانی بونە بکەری سەرەکی گۆڕانکاریە هەمە جۆرەکانی جیهان.

هۆشیار بون و تێگەیشتن لەم پرسە، کە مۆدێرنە ڕوبەڕوی بۆتەوە، بۆتە پرسی خۆدامەزراندنی مۆدێرنیزم، بە ئامرازە تایبەتییەکانی خۆی، لە ڕەخنەگرتن لەپرسی ئیستاتیکیدا. بۆیە زۆر باش لەو مانایە تێدەگەین کە لەگەڵ بونیادنانی مۆدێرنەدا دابڕان لەگەڵ کۆندا دروستدەبێت. نوێخوازەکان دەبێت یاخیبن بەرامبەر ئەو نەریتانەی کۆنن و پێشتر کاری لەسەرکراوە. لەڕاستیدا هەستکردن و ڕەخنەی ناکۆکییەکانی مۆدێرنیزم و تەنانەت تێپەڕاندنی ئەو ناکۆکیانە گرێدراوی

خۆنەدانە دەستی وەسوەسەی مۆدێرنیزمەیە. (مۆدێرنە بەمانای بەردەوام بەرەو پێشچون و لەهەمان کاتدا سەرلەنوێ خوێندنەوەی نوێ و بەجێهێشتنی کۆن دێت) (جهانبگلو:٢٠٠٣:٩)

هونەرمەندانی مۆدێرن کە ناکۆکییەکانی مۆدێرنیزمیان تادوا ڕادەی لۆژیکی خۆی ئەزمون کردوە، چەقی دەرکەوتنی ئاگایی و هۆشیاربونەوەی مرۆڤی مۆدێرن و چەقی گۆڕانی بنچینەییە. (چییەتی حەقیقەتی مۆدێرنیزم لەبەرهەمی ئەم ئەزمونە نوێیانەدا، واتە لەبەرهەمی هونەری مۆدێرندا، لەوجێگەیەدا دەردەکەوێت کە فۆڕم هیچ نییە جگە لەدایکبونی تەواوەتی ناوەڕۆک، بۆنمونە ئەزمونی مانا نادیارەکانی (کافکا و ئیلیوت و بیکێت) وەک کۆدی ژیانی مۆدێرن سەیردەکریت) (فەرهاد پور:٢٠٠٦: ٢٩٧-٢٩٨). داهێنان و لادانی جار دوای جار لە نەریت و شتە باوەکان، دەبێت وەک تایبەتمەندی مۆدێرنیتە سەیربکریت، چونکە لەسەردەمی مۆدێرندا هەموشتێک لەناخی دژ بەخۆ لەدایکدەبێت. سەردەمانی مۆدێرن وێنای مێژوی گشتی دەدات بەهەمو ڕابردو، دەستنیشانکردنی سەردەمانی مۆدێرن و شیکردنەوەی سەدە ڕابردوەکان لەگەڵ یەک دێنەوە و دەگونجێن . (سەردەمانی مۆدێرن ئەزمونی نوێی پێشکەوتن و خێرای ڕوداوەکانە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی ئەو پێوەیستیە زەمانیەی لەنێوان چەند ڕوداوێکی دور لەیەکدا هەیە لەڕوی مێژوییەوە) (هابرماس:٢٠١٠:١٦).

سەرهەڵدانی شانۆی مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم و چەندین قوتابخانەی نوێ دروستدەبێت، وەک قوتابخانەی ڕیالیزم و سمبوڵیزم و سوریالی و داستانی و چەندین ڕێبازی تر. نوسەرانی بواری شانۆنامە نوسین ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لەبەرەو پێشبردنی شانۆکان. هاوکات دەرهێنەرەکان توانیان پێشڕەوی ڕەوتی نوێی شانۆیەکی جیاوازبن. لەگەڵ گەشەی درامیدا هە مو ڕەگەزەکانی شانۆ بەرەو پێشچونی بەخۆیەوە بینی . هەروەها لەڕوی دەرهێنانەوە چەند دەرهێنەرێک دەرکەوتن، لەوانە (ساکس میننگن و ئەندریە ئەنتوان و ستانسلافسکی و مایرهۆڵد و برتۆلد برێخت) و چەندین دەرهێنەری بەتوانای تر.

**پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی**

دەرهێنەر لەناو شانۆدا ئەرکەکەی بەخشینی ژیانە بەشانۆکە، دەرهێنەر کۆکەرە و ڕێکخەری شانۆیە و ئەو کەسەیە کە پارچە بڵاوەکان دەنوسێنێ پێکەوە بۆ لەدایکبونی نمایشێکی شانۆی. (دەرهێنەر ئەو کەسەیە کە بەرپرسی یەکەمی نمایشە شانۆییەکەیە و لێکدانەوە بۆ دەق و ڕێکخستنی شانۆییەکە ئەنجام دەدات) (الجلبي:١٩٩٣:٧٠).

دەرهێنەر، جیاواز لە نوسەر و ئەکتەر بونی هەیە لەناو شانۆدا، ئەکتەرەکان هەمیشە لەپێش چاوی خەڵکیدان و بینەران هەست بەبونیان دەکەن، هەروەها نوسەرانیش بەبەرچاوی خەڵکیەوەن و کتێب و نوسینەکانیان لەبەرامبەر خەڵکیدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام دەرهێنەر ئەم مامەڵە ڕاستەوخۆیەی نییە لەگەڵ بینەراندا. زۆرجار بینەران هەست بەبونی دەرهێنەر ناکەن، چونکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەرکەوتن دروست ناکات لەگەڵیاندا. کەواتە بونی دەرهێنەر لەناو شانۆدا وەک ڕۆح وایە لەناو لاشەی مرۆڤدا، (سەرهەڵدانی دەرهێنان دەرئەنجامی ڕێکخستنی هاوکێشەکانە، چونکە ئەرکی سەرەکی دەرهێنەر ڕێکخستنی پێکهاتەی نمایشە) (تیریشکوفیتش:1979: 56).

هەڵبەتە بۆ دروستبونی پرسیار و ئاراستەکردنی پرسیار لەناو شانۆدا لەبینەران، پێویستمان بە بنەمایەکی سەرەکی هەیە تاوەکو بتوانین ئاراستەی پرسیارەکانمانی لێوە هەڵهێنجێنین، ئەویش ئەو بنەما سەرەکیە لەکاری دەرهێناندا دەقی شانۆییەکەیە. یان دەکریت وەڵامی پرسیارەکەی (جولیان هلتۆن) بەینەوە کەدەڵێ: (ئەو پرسیارە یەکلاکەرەوەیەی کە پێویستە ڕوبەڕوی ببینەوە ئەوەیە: چۆن دەکرێت شانۆیەک پێشکەش بکەین کەلەم زەمەنەدا بژی؟) (هلتون:2001: 293).

کەواتە خاڵێکی گرنگ بۆ دەرهێنەری شانۆی مۆدێرن، پێشکەشکردنی ئەو شانۆیانەیە کە لەگەڵ سەردەم و کاتدا دەگونجێت. پێویستە دەرهێنەر بزانێت چی جۆرە شانۆیەک هەڵدەبژێرێت، چی جۆرە چیرۆک و کێشە و ململانێیەک دێنێتە سەر شانۆ و ڕوبەڕوی بینەرانی دەکاتەوە. بێگومان ئەمەش لەهەنگاوی یەکەمەوە دەست پێدەکات کە هەڵبژاردنی دەقی شانۆییەکەیە. مەحاڵە بتوانین شانۆییەک پێشکەشی بینەران بکەین بەبی بونی دەقی شانۆیی، چونکە دەق بنەمای کاری دەرهێنان و نواندن و نمایشی شانۆییە، هەر لەڕێگەی دەقەوە دەرهێنەر و ئەکتەر پەیامی شانۆییەکەیان دەگەیەننە بینەران.

**کاریگەرییەکانی قۆناغی مۆدێرنە بەسەر دەرهێنانی شانۆوە**

شانۆ لەقۆناغی مۆدێرنەدا چەندین گۆڕانکاری بەخۆوە دی، یەکێک لەگرنگترین کاریگەرییەکان بەکارهێنانی تەکنیکە نوێییەکان بو. تەکنیک توانی ڕوکارێکی نوێخوازی بەشانۆ ببەخشێ لەڕێی فۆرم و یاسایی کارکردنەوە. (تەکنیک کارکردنی ڕێگەی نمایشە، کە دەتوانێ دۆخی هونەری دروستبکات) (حرب:١٩٩٤:٥٨) تەکنیک یارمەتیدەرێکی زۆرباش بوە بۆ لەدایکبونی پانتایی نوێ لەشانۆدا. دەرهێنەران توانیویانە گوتاری مۆدێرنی نمایشەکانیانی لەسەر بونیادبنێن. (پانتایی، زانستی شتەکانە، کۆکەرەوەی سەرجەم بینینەکانە، بەشێوەی ڕاستەقینە هەستی پێدەکەین. ئەزمون و شارەزاییەکان کۆدەکاتەوە و دەستنیشانی پەیوەندیەکان دەکات) (دوفینیو:١٩٩٨:٧٥). دەتوانین بڵێین تەکنیک دەستنیشانی یەکەی فۆرمی دەرهێنانی شانۆیی دەکات، هەروەها کاریگەرییە تەکنیکییە مۆدێرنەکان جوڵێنەری لایەنە جوانناسییەکانی دەرهێنەرن و جیهانبینیان فراوانتر دەکات. کاراکردنی یەکە تەکنیکییەکان دروستکردنی فۆرمی بینینە لەناو نمایشی شانۆییدا، هەروەها پانیایی دروستبونی نمایشی شانۆییە. دەرهێنەر لەژێر کاریگەریە مۆدێرنەکانی ژیاندا دەتوانێت پانتاییەکی نوێ بخوڵقێنێت. (فیسیفۆڵد مایرهۆڵد وەکو دەرهێنەرێکی لێهاتو یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی لەسەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەسەرنج خستنە سەر بیناکردن و ئاوەدان کردنەوەی پانتایی شانۆدا بینیوە. ئەمەش لەڕێی کارکردنی لەسەر چەمکی میزانسێن و پیشاندانی جوڵە و کردارە فیزیکییەکانی ئەکتەر لەسەر ستەیج، لەفۆڕمێکی هونەری جیاواز و زیندودا) (محەمەد:٢٠١٨:٦٥).

مۆدێرن بون لەشانۆدا بەپێی هەریەکێ لە تیۆرست و دەرهێنەرەکان مانای جیاواز لەخۆی دەگریت، ئەویش بەهۆی ئەو ئەزمونە جیاوازانەی کە پێی گەیشتون، وایکردوە دیدگایەکی جیاواز بەخۆیان پەیدابکەن و ستایلێکی جیاواز و نوێ دروست بکەن. بونیادنانی ئەم ستایلە مۆدێرن و جیاوازەش خۆی دەبینێتەوە لە تایبەتمەندێتی کارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ مامەڵەکردنی دەق و ئەکتەر و ڕوناکی و دیکۆر و دروستکردنی فەزایەکی نوێ.

دەکریت بوترێت دو دەرکەوتەی گرنگی هەبوە کە توانیویەتی یارمەتیدەربێت بۆ خوڵقاندنی شانۆی مۆدێرن، ئەوانیش:

(آ- دۆزینەوەی تواناکانی ڕوناکی لەسەر شانۆ.

ب- نەمانی سنورەکان لەنێوان شانۆکاراندا و تێکشکانی بەربەستەکانی بەردەمیان، کە زۆرجار شانۆکاران سەفەری وڵاتانیتریان دەکرد و لەوێ بەهاوکاری دەرهێنەر و گروپێکی تایبەت شانۆیان پێشکەش دەکرد) (روبین:٢٠٠٧: ٢٣-٢٤).

دۆزینەوەی ئەم دو خاڵە هەنگاوی گرنگ بوە بۆ لەدایکبونی شێوازی نوێ لەشانۆدا، بەتایبەت ئاڵوگۆڕی کلتوری لەنێوان وڵاتاندا بەهەنگاوێکی مەزن دادەنرێت بۆ دۆزینەوە و داهێنانی نوێ. کەواتە دەبێت ئەوە بزاندرێت لەشانۆی هاوچەرخدا دەرهێنەر تەنیا ئەرکی گواستنەوەی دید و بۆچونەکانی نوسەر نییە بۆسەر شانۆ بەڵکو ئەرکی ئامادەبونی پرۆسەیەکی عەقلانییە لەناو نمایشدا. هەروەها ئەرکی بینەر چیتر ئەوە نییە کە بێت دابنیشێت بەدیار گێڕانەوەی

چیرۆكێک و خۆی بخاتەژێر سحری چیرۆكی شانۆكەوە و هەمو پێداویستییەكانی نمایش لەخزمەتی نوسەردابێت. بەڵكو شێواز و مامەڵەكردنی دونیای شانۆی مۆدێرن بەشێوەیەكی گشتی گۆڕانی بەسەردا هاتوە. (هونەری نمایش چالاكییەكی جێبەجێكراو نییە، نابێت هەمان داهێنانی پێشوتر پێشكەش بكاتەوە، بەڵكو ئەو دەقە شانۆییەی كە دەرهێنەر هەڵیدەبژێرێت دەبێت بە شێوازێكی نوێ نمایش بكرێت)(هلتون:٢٠٠١: ٢٠).

**دەرهێنان لەشانۆی كوردیدا**

سەرهەڵدان و كاركردن لەناو شانۆی كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دوای ساڵانی ١٩٢٥ەوە. زۆربەی شانۆكاران لەو بڕوایەدان سەرهەڵدانی شانۆ لەكوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتە. بەڵام ناتوانرێت كە بوترێت لەو ساڵانەدا دەرهێنەر و ئەكتەر بونی هەبوە، چونكە شانۆ بەشێوەیەكی خۆڕسک لەلایەن چەند كەسێكەوە كاری لەسەر كراوە. نە پشتیان بەتێكسستی شانۆی بەستوە، نە ئەكتەر و دەرهێنەر، تەنانەت پەیوەست نەبون بە بنەما هونەرییەكانی نمایشەوە. لەم بارەیەوە د.نیاز لەتیف شانۆكاری كورد دەڵێ: (هونەری دەرهێنان واتا بەكارخستنی سەرجەم ڕەگەزەكانی دەق و سینۆگرافیا و جوڵەی ئەكتەر و وەرگر و هاو هونەرەكانی تری شانۆ، بەو شێوەیە شانۆ دەبێتە چالاكییەكی شوێنكاتی و پێرفۆرمانس و خولقاندنی گوتاری ئیستاتیكی و مەعریفی و فەلسەفی و بەئاوێزانكردنی سەرجەم ئەو ڕەگەز و ئامرازانە) (لەتیف:٢٠١٩:١٢٨).

لێرەدا دەردەكەوێت، پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، تەنیا ئامادەبونێكی سادە نییە لەسەر شانۆ، بەڵكو بەكارهێنانی سەرجەم پێداویستیەكانی نمایشە هەر لە (دەق و دیزاینی ستەیج و ڕوناكی و هۆڵی ئامادەكرا و ئەكتەری ڕاهێنراو) و چەندین پێداویستیتر. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەكرێت بڵێین سەرهەڵدانی دەرهێنانی شانۆی بەشێوەیەكی پیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاكان بەدواوە. بەتایبەت لەگەڵ دروستبونی هۆڵ و ڕاهێنان بەئەكتەرەكان و دروستكردنی دیكۆری شانۆیی لەلایەن دەرهێنەرەوە.

دەرهێنەرانی شانۆی كوردی لەباشوری كوردستان، لەژێر ڕۆشنایی شانۆی عەرەبیدا پەرەیان بەتواناكانی خۆیانداوە بۆ ئەنجامدانی كاری شانۆی، هەڵبەتە لەژێر ئەم كاریگەریەدا چەندین كاری شانۆییان پێشكەش كرد و وردە وردە بینەرانی شانۆی كوردیان ئاشناكرد بەشانۆ. ئیتر شانۆ لەكوردستاندا لە ساڵانی حەفتا و هەشتاكانی سەدەی ڕابرد و گەیشتە ئاستێک بینەران تامەزرۆی بینینی نمایشەكان بون. خاڵێكی تری سەركەوتنی ئەو نمایشە شانۆییانە پەیوەندی بە چیرۆک و بابەتی شانۆییەكانەوە هەبوە، كە نزیک بوە لە كێشە و ژیانی خەڵكی. (یەكێک لە فاكتەرە ڕیشەی و بنەڕەتیەكانی سەركەوتنی هونەری شانۆ ئەوەیە، دەرهێنەر بتوانێت لەگەڵ زەمەندا بگونجێت و بۆ هەر زەمانێک گوتاری تایبەتی خۆی هەبێت و بزانێت چۆن دەتوانێت شانۆ لەگەڵ زەمەندا تێكهەڵكێشی یەكتری بكات) (عبدالرحمان: ٢٠٠٧:١٢٤).

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەتایبەتی ساڵانی كۆتاییەكانی نەوەدەكان و سەرەتای ساڵانی دوهەزارەكان، بەهۆی كردنەوەی دەرگا بەڕوی شانۆكاراندا بۆ دەرەوەی كوردستان و بەشداری كردنیان لە فێستڤاڵە جیهانییەكاندا، دەرهێنەرانی شانۆكاری كورد پێشكەوتنیان بەخۆیانەوە بینی و توانیان لەژێر ڕۆشنایی شانۆی مۆدێرنی جیهانیدا پەرە بە جیهانبینی و تەكنیكی شانۆییان بدەن. هەڵبەتە جیهانبینی لەلای دەرهێنەر، كردنەوەی دەروازەی كاری نوێخوازییە. (پێویستە دەرهێنەر خاوەنی دید و جیهانبینیەكی فراوان و بەربڵاو بێت و ئاستێكی ڕۆشنیری هونەری باشی هەبێت) (جاف:٢٠٠٨:٧٥).

دەرهێنەرانی شانۆی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا لەژێر ڕۆشنایی کاریگەرییەکانی شانۆی مۆدێرندا هەوڵیانداوە نمایشە شانۆییەکانیان بەرهەمبهێنن. هەڵبەتە بەرهەمهێنانی ئەم نمایشانەش هەڵقوڵاوی دید و بۆچون و جیهانبینی دەرهێنەرەکانە، بەپاڵپشتی ئەکتەر و دیزاینەرەکان. دەکرێت بڵێین دەرهێنەری شانۆکاری کورد بەپشت بەستن بەچەند بنەمایەک توانیویەتی پەیڕەوی بنەماکانی شانۆی مۆدێرن بکات، ئەوانیش پێکهاتون لەم خاڵانە:

١- پەنابردنە بەر ئەو دەقانەی کەئاستی کاریگەرییان لەگەڵ بینەراندا گونجاوە.

٢- ئامادەکردن و سەرلەنوێ دارِشتنەوەی دەق.

٣- هەڵبژاردنی ئەکتەری پیشەی بۆ شانۆکان و ڕاهێنانی بەردەوام لەگەڵ ئەکتەردا.

٤- دانانی دیزاینەری بەتوانا و ئاست بەرز بۆ ستەیج و جلوبەرگ و ڕوناکی.

٥- بەکارهێنانی لایەنە تەکنەلۆژییەکان بۆ نمایش.

٦- بودجەی تەرخانکراو بۆ نمایشەکان.

٧- دامەزراندنی کۆلیژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و خوێندنی شانۆ بەشێوازێکی ئەکادیمیانە.

٨- گەڕانەوەی هەندێک دەرهێنەری شانۆیی لە وڵاتانی ئەوروپی و گواستنەوەی ئەزمونی شانۆی مۆدێرن بۆ کوردستان.

٩- کارکردن لەناو پانتایی نوێدا.

**توێژینەوەکانی پێشو**

دوای ئەوەی توێژەر گەڕان و پشکنینی کردوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوتر، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی پەیوەندی و نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا. توێژەر چەندین توێژینەوەی لەبەردەستدا بو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان کەمتر نزیکایەتیان لەگەڵ بابەتی دەرهێنانی مۆدێرن و شانۆی (باوک)دا هەبوە، بۆیە توێژەر دو نمونەی لەو توێژینەوانە خستۆتەڕو کە نزیکایەتیان لەڕوی دەرهێنان و نواندنەوە هەبوە لەسەر شانۆی کوردی.

ئەم دو توێژینەوەیەی خوارەوە، کە ئاماژەیان پێدراوە بەشێکن لەو توێژینەوانەی سودیان لێوەرگیراوە.

**توێژینەوەی (محمد:٢٠٢٣)**

(پرۆگرامێکی پێشنیازکرا و بۆ بابەتی نواندن لەبەر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا بۆ قۆناغی پێنجەمی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان).

بابەتی نواندن وەک وانەیەکی سەرەکی خوێندن لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەهەرێمی کوردستان بەشی هونەری شانۆ، کە بەپێی میتۆدی جیاواز دەخوێندرێت و پشت دەبەسترێت بە قوتابخانە هونەرییەکانی نواندن لەجیهاندا. توێژەر وەک پرۆگرامێکی فێرکاری لەبواری نواندندا کاری کردوە لەسەر ئەو ناونیشانە. ئامانجی توێژینەوەکە دانانی پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیازکراوە بۆ بابەتی نواندن. بەپێی سروشتی بابەت و ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەبابەتی نواندن.

**توێژینەوەی (حسن:٢٠١٦)**

(تەکنیکی دەرهێنان لەسینەما و شانۆدا، خوێندنەوە بۆ فیلم و نمایشی شانۆیی لە کوردستانی عێراق لەماوەی ١٩٩٨-٢٠١٣).

کارکردنی تەکنیک لەبواری دەرهێناندا لە شانۆ و سینەمادا، جێگەی بایەخی توێژەرانە لەتەواوی جیهاندا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ڕێبازە نوێیەکانی دەرهێنان. هەروەها توێژەران لەگەڵ هەستکردن بە گرنگی ئەم بابەتە، خوێندنەوە و شیکاری جیاواز بۆ نمایشەکان کراوە. لەبەر گرنگی بابەتی تەکنیک لە شانۆی کوردیدا توێژەر کاری کردوە لەسەر ئەو ناونیشانە.

چونکە بابەتی تەکنیک لەسینەما و شانۆدا لەکوردستانی عێراق تازەیە، توێژەر هەوڵیداوە لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە تیشک بخاتەسەر توێژینەوەکەی و پانتاییەکی گەورە لە ڕۆشنبیری تەکنیک بناسێنیت، لەبواری تەکنیکی دەرهێنانی شانۆیی. ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕوی چەمک و ماناکانی تەکنیکە لەبواری دەرهێناندا لە سینەما و شانۆدا. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکدێت لەو نمایشە شانۆی و سینەماییانەی لەنێوان ساڵانی (١٩٩٨ بۆ ٢٠١٣) نمایشکراون.

## ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لەو شانۆگەریانەی بە ستایلی شانۆی مۆدێرن کاریانکردوە، کە لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر شێوازی کارکردنی دەرهێنانی شانۆیی (باوک)کراوە، چونکە دەرهێنەر گرنگی داوە بەستایلی شانۆی مۆدێرن و کاریگەری شانۆیی مۆدێرن بەسەر پرۆسەی دەرهێنانی شانۆییەکەدا بونی هەیە.

## کۆمەڵگەی توێژینەوە و نمونەکەی

نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەشانۆی (باوک) لەنوسینی (ئاوگۆست ستریندبێرگ) و دەرهێنانی (سدیق عەزیز)، کە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت. نمونەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، بەوپێیەی لەگەڵ ئامانج و دیدگای توێژینەوەکە دەگونجێت، لەبەربونی خەسڵەتەکانی شانۆی مۆدێرن لەناو نمایشەکەدا.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

لەجێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، بەپێی سروشت و ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەڕێبازی وەسفی شیکاری بەستوە. لەڕێگەی بەکارهێنانی نمونەیەکی ئەگەرایەتی (هەڕەمەکی) بازنەیی، توێژەر شیکاری ناوەڕۆکی بۆ شانۆی (باوک) ئەنجام داوە.

## شیکاری سامپڵەکە

## ١- بیرۆکەی نمایش

ئەم شانۆییە باس لە کێشەیەکی خێزانی دەکات لەنێوان (کاپتن ئەدۆلف) و (لاورا)ی خێزانی. کاپتن ئەدۆلف پیاوێکی سەربازی و هاوکات زانایەکی گەردونناسییە و لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی خێزان و مێردی (لاورا) و باوکی (بیرتا)یە. کاپتن لەناو ماڵەکەدا وەک دەسەڵاتی یەکەم هەڵسوکەوت دەکات، تائەوکاتەی (لاورا)ی خێزانی گومانی باوکایەتی بۆ دروست دەکات. لاورا گومان لای کاپتن دروست دەکات بەوەی کە بیرتا کچی ئەو نییە، ئیتر لەدوای ئەم گومان کردنەوە ململانێیی شانۆییەکە دەست پێدەکات تا ئەوکات کاپتن ئەدۆلف بەرەو شێتی و پاشان مردن دەڕوات.

لەسەرەتای شانۆییەکەوە (ستریندبێرگ) بەدیمەنێکی لاوەکی نێوان (نۆید) و (کارەکەر)ەکە دەمانخاتە ناو کێشەی دروستبونی منداڵ و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی لەدایکبونی منداڵ. سەرەتای شانۆییەکە بەباسکردنی کێشەی پەیوەندی ناشەرعی سێکسی نۆید و کارەکەرەکە دەستپێدەکات. لەلایەن کاپتن و قەشەوە لێپرسینەوە لە نۆید دەکەن بەوەی سکی کارەکەرەکەی پڕکردوە. بەڵام ئەو گومانی هەیە لەوەی ئەو منداڵەی لەسکی کارەکەرەکەدا منداڵی ئەوبێت و کارەکەرەکە بۆیەکەم جاری بێت پەیوەندی سێکسی کردبێت.

لەدیمەنی دواتردا لاورا گومانی تێکچونی دەرونی و لەدەستدانی هۆش دەخاتە پاڵ کاپتن و بۆ (دکتۆر ئۆستێرمارک)ی باس دەکات. چونکە کاپتن وەک حاکمی ڕەهای خێزانەکە هەڵسوکەوت دەکات و دەیەوێت بەبێ پرسکردن بە لاورای ژنی بیرتا بنێرێتە شار و لەوێ درێژە بەژیان بدات. کاتێک لاورا هەست دەکات ئەو وەک ئامێرێک

بەدەست پیاوەکەیەوە ژیان دەکات، دەیەوێت ئاراستەی ژیانی بگۆڕێ و ئەویش ببێتە کەسی یەکەمی خێزان و بەتەنیا پیاو خۆیان بەسەرۆک و سەرکردەی ماڵ نەزانن. بۆیە باشترین چەک بۆ ئەم ململانێیە دروستکردنی گومانە لە باوکایەتی کاپتن. چونکە کاپتن پێیوایە پیاوان دروستکەری منداڵ و خێزان و ماڵن و ژنان تەنیا وەک هەڵسوڕێنەرێک لەو نێوەندەدا دەمێننەوە. (لاورا پێیوایە ژیانی ژن و مێردایەتی جەنگێکی بەردەوامە و ماف بەو کەسانەیە کە بە بەهێزی دەمێننەوە) (عەزیز:٢٠٢١:٨٣). لەپاش ئەوەی کاپتن ئەدۆلف دەکەوێتە گومانکردن لە (بیرتا)ی کچی، کەگوایە کچێتی یاخود نا، وردەوردە دەسەڵاتی لەنا ماڵدا نامێنێت و (لاورا) دەبێتە هەڵسوڕێنەری ماڵ. ئەو گومانکردنەی کاپتن بەرەو ئەوە دەچێت کە هەولبدات (بیرتا) بکوژێت. ئەمەش بەبڕوای (دکتۆر و قەشە) لەدەستدانی عەقڵی کاپتنە. بۆیە داوای ئەوەی لێدەکرێت کە کاپتن بەجۆرێکی تایبەتی جلوبەرگ، کە دەبێتە هۆی بەستنەوەی لەبەریبکەن و بیبەستنەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی بکەن. هەرچەندە ئەو نکۆڵی لەوە دەکات ئەو بەرگە لەبەربکات، بەڵام دواجار لەڕێگەی (مارگرێت)ەوە کە دایەنە و کاپتن وەک دایکی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات جلوبەرگەکەی لەبەردەکات و کاپتن دەبەستنەوە.

## ٢- شیکردنەوەی نمایش

دەقی شانۆی باوک بەیەکێک لە دەقە گرنگەکانی جیهانی شانۆ ناوزەددەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو چیرۆکە کاریگەرەی توانیویەتی شۆڕش بکات بەسەر جیهانی پیاوسالاریدا و ببێتە دەستپێکی شۆڕشی شانۆی فیمینزمی. بەگشتی دەقەکانی ستریندبێرگ ڕەنگدانەوەی ململانێ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمە. شانۆی باوک دەسەڵاتی پیاوسالاری دەخاتە بەردەم پرسیارەوە و ململانێی جێندەری وەک چەمکێکی مۆدێرن لە جیهانی شانۆدا سەیردەکرێت. دەستکاریکردنی یاسا باوەکانی باوکایەتی و گومان دروستکردن لەباوکایەتی دەبێتە دەستپێکی شەرێکی مۆدێرن لە هونەری شانۆدا.

دەرهێنەر (سدیق عەزیز) توانیویەتی بەشێوەیەکی هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ چەمکی باوکسالاری لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بکات، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریە و بەشێوەیەکی گشتی لەناو خێزاندا دەسەڵات لەلای پیاوانە. دەرهێنەر ویستویەتی لەڕێگەی دەقێکی ئەوروپییەوە پرسیار لەناو کۆمەڵگەی کوردی و خێزانی کوردیدا بوروژێنیت و هەمان ئەو شۆڕشەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان ڕویدا، لەکۆمەڵگەی کوردیشدا کاری لەسەر بکرێت.

بێگومان شانۆ کاریگەرترین هونەرە دەتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبینەرانەوە هەبێت و کاریگەریان لەسەر دروست بکات. بەتایبەت لەم شانۆییەدا کە دەقێکی کۆمەڵایەتییە و باس لەکێشەکانی خێزان دەکات. وەک نەبونی هاوئاهەنگی و یەک تێڕوانین بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و دابەشبونی خێزان بۆ دوروبەری جیاوازی ئاینی و علمانی. بابەتی خیانەت و دروستکرنی منداڵی ناشەرعی لەم دەقەدا و پێشکەشکردنی بۆناو کۆمەڵگەی کوردی، توانا و ئازایەتی دەوێت. نیشاندانی کلتورێکیتر و چۆنیەتی ئاشنابون بەو کلتورە لە ڕوی دابونەریتەوە و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان لەسەر پەیوەندی ژن و میردایەتی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەڵویست و بیرکردنەوەیان، بێگومان دو ئاڕاستەو دو بیرکردنەوەی جیاوازە، لەنێو ئەم دو کۆمەڵگەیەدا، کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی سویدی.

بەڵام بابەتێکی جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە هەندێک جار لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا گوێبیستی ئەم چیرۆکانە دەبینەوە و هەندێک جار بەئاسایی وەریدەگیرێن و هەندێکجار نەریتی خێڵەکی بەسەرماندا زاڵدەبێت و ئەم بابەتانە کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە دەکرێت بڵێن پێشکەشکردنی ئەم بابەتە جۆرێکە لە جورئەت و نەترسان

لەناو کۆمەڵگە نەریتخوازەکاندا. هاوکات پێشکەشکردنی ئەم جۆرە بابەتانە بۆئەوەیە بتوانرێت دەرچەیەکی یاسایی لەکوردستاندا بۆ بدۆزرێتەوە و یاسا ببێتە پاڵپشت بۆ کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانمان. چونکە ئەم بابەت و کێشانە لەناو کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانی دونیادا بونی هەیە، بەڵام یاسا لە پشتیانەوە وەستاوە، بۆیە لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا نابێتە شتێکی مەحاڵ و جێگەی سەرسوڕمان. بەڵام ئەم بابەتە زۆرجار لەکەلتوری ئێمەدا دەبێتە مایی کوشتنی کەسایەتی ژنەکە و باسکردنی بە کەسایەتیەکی بێڕەوشت. بەڵام لەکەلتوری ئەوروپیدا شتێکی ئاسایە و بەبێ کێشە کۆتایی بەباسەکەیان دێت.

دەرهێنەر وەک بیرۆکەی شانۆییەکە هەوڵیداوە بابەتێک پێشکەش بکات بەشێوازێکی مۆدێرن لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بیکاتە پرسیار. چونکە ئەگەر لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا گومان لە باوکایەتی پیاو بکرێت، یان گومان لەخیانەتی ژن بکرێت بەرامبەر بەپیاو، ئەوا گومانی تێدا نییە بەئەگەری زۆرەوە ئەو ژنە مەرگ چاوەڕێی دەکات یان نەفرەت. بەڵام دەرهێنەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم شانۆییەوە هەنگاوێک لەدەرەوەی نەریت و شتە باوەکانی کۆمەڵگە هەڵبهێنێت و دیدێکی مۆدێرن بۆ کێشە خێزانییەکان پێشکەش بکات. بۆیە بەهەمان شێوەی پرسیاری (ستریندبێرگ) دەرهێنەر هەمان گومان و هەمان تێکشکانی دەسەڵاتی باوکسالاری پێشکەش دەکات.

دەرهێنەر لەم نمایشەیدا بینەران و کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە بەردەم هەمان گومانی کاپتنەوە و پێمان دەڵێت ئەگەر ئەو منداڵەی هەمانە هی پیاوێکی تربێت، ئایا شکۆی پیاوەتیمان دەشکێت و دادەڕوخێین وەک پیاو؟ ئایا ژنان مافی ئەوەیان نییە هاوشانی پیاوان بەشداربن لە بەڕێوەبردن و بڕیارەکانی خێزاندا؟ ئەمانە هەمان ئەو پرسیارانەن دەرهێنەر بەبێ ترس و سڵەمینەوە بەرامبەر کۆمەڵگەی کوردی دەیکات. لەیەکێک لەدیمەنەکاندا لەگفتوگۆی نێوان (کاپتن و لۆرا)دا، ئەو پشتگوێ خستنە هەست پێدەکەین کە کاپتن هەیەتی بۆ لاورا.

(کاپتن: بەگوێرەی یاسا، منداڵ دەبێ لەسەر بیر و باوەڕی ئاینی باوکی پەروەردە بکرێت.

لاورا: دایکیش چ گرنگیەکی لەبڕیاردانی ئەو مەسەلەیەدا نییە!

کاپتن: هەر هیچ! ژن بەیاسا مافی سەر بەمۆربونی خۆی بەپیاو فرۆشتوە و لەبەرامبەر ئەوەدا، کەپیاو خۆی و منداڵەکەی بەخێو بکا، دەستبەرداری مافەکانی بوە.

لاورا: کەواتە دایک هیچ مافێکی بەسەر منداڵەکەیەوە نییە؟

کاپتن: نا هیچ! ئەگەر بنیادەم بۆجارێک شتێک بفرۆشێت، ئەوا جارێکی تر ناتوانێ وەریبگرێتەوە، بەڵام پارەکەی لەلا دەمێنێتەوە.). (ستریندبێرگ:٢٠١٥:٢٦).

لەڕێگەی ئەم دیالۆگانەوە کەلەشانۆی باوکەوە دەگوترێت لەنێوان کاپتن و لاورادا، کە لەناو شانۆی باوکدا کاپتن هونەرمەند (شەماڵی عەبەڕەش) و لاورا هونەرمەند (خەرمان هیرانی) بەرجەستەی کارەکتەرەکان دەکەن. کاپتن لەسەر کورسیەکە دانیشتوە و لاوراش بەپێوە وەک تاوانبارێک لەبەردەمیدا وەستاوە، دەرهێنەر دەیەوێت هەمان بێبایەخی پیاو بۆ ژن لەوێنە شانۆییەکەشدا دەربخات. چونکە (شەماڵ) ئامادەنییە هیچ بایەخێک بە (خەرمان) بدات و تەنانەت وەک نواندن جۆرێک لەپشتگوێخست دەردەخات بەرامبەر بە ژنەکەی. ئەمەش توانای لێهاتوی دەرهێنەر دەردەخات بۆ دروستکردنی دیمەنە شانۆییەکە و دروستکردنی کەشێکی مۆدێرن لە جیهانبینی دەرهێنەر. تەنانەت دەرهێنەر دەیەوێت لەدوای ئەم دیمەنەوە پێمان بڵێت ئەگەر لەماڵدا ژن وەک کاڵایەک سەیر بکرێت، ئەوا دەتوانێت هەمو شتێک هەڵبگێڕێتەوە و یاریەکە بەجۆرێک لێبکات، سەرکەوتن بۆ ژن بێت. چونکە کاتێک کاپتن، لاورا بەجێدەهێڵێت، لاورا دەچێتە شوێنی کاپتن دادەنیشێت و قاچەکانی دەخاتە سەریەک و لەحاڵەتی بیرکردنەوەدا بۆ ماوەیەک بەبێدەنگی

دەمێنێتەوە. دەرهێنەر لەڕێگەی ئەم دیمەنەوە پێمان دەڵێت پێویستە ژنی کورد بیربکاتەوە و لەڕێگەی بیرکردنەوەوە ببێتە میراتگری ئەو پیاوانەی وەک کاڵایەک سەیری ژنەکانیان دەکەن. دوای ئەو دیمەنە، ئیتر لاورا (خەرمان هیرانی) پلانی گومان کردنی پیاوەتی لەسەر کاپتن (شەماڵ عەبەڕەش) دروستدەکات و بەرەو شێتی و مردنی دەبات.

سدیق عەزیز وەک دەرهێنەر لەشانۆی باوکدا، بەئاشکرا کاریگەری شانۆی مۆدێرنی بەسەرەوە دیارە. وەک باسمانکرد لەڕوی بیرۆکە و چیرۆکەوە کاریگەری تەوژمی فیمینزم و یاخیبون و شکاندنی جیهانی باوکسالاری بەسەر دەرهێنەرەوە ڕەنگدانەوەی هەیە، هەمو ئەمانەش چەمکی جیهانی مۆدێرنەن. هاوکات دەرهێنەر لەم نمایشەدا هەندێک گۆڕانکاری لە دیمەنەکاندا کردوە. بۆنمونە دەرهێنەر لەم شانۆییەدا هەوڵیداوە هەندێک دیمەن ئاڵوگۆڕ پێبکات، لەهەندێک شوێندا کورتکردنەوە و زیادکردنیش ئەنجام داوە. ئەم جێگۆڕکییە لەناو دیمەنەکاندا بەشێکە لەخەیاڵ و جیهانبینی دەرهێنەر بۆ شانۆیەکە و دۆزینەوەی خاڵی تازەگەرییە لە پانتایی دەقدا. لەم نمایشەدا جیاواز لە دیمەنی دەقەکە، دەرهێنەر بەدیمەنی هەشتی دەقەکە دەستدەکات بە نمایشەکەی. دیمەنێک لەنێوان کاپتن و بێرتای کچیدا. بەڵام لە دەقەکەدا دیمەنی یەکەم بەگفتوگۆی نێوانی کاپتن و قەشە دەستپێدەکات. گۆڕان لەم دیمەنەدا لەلای دەرهێنەر بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت بینەران ڕاستەوخۆ بچنە ناو ڕوداوەکان و ئاشنابن بەکێشەکە. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ تێکشکانی بینای درامی باو و دروستکردنی فۆرمی نوێی نمایش.

پاشان دەرهێنەر پانتایی ئامادەبونی هەندێک لەکارەکتەرەکانی زیادکردوە. بۆنمونە کارەکتەری (بیرتا) کە (دیبە عەلی) بەرجەستەی ئەم کارەکتەرەی دەکرد، چەند دیمەنێکی زیادەی بۆ کردوە و چەندین ئامادەبونی زیاتری هەبوە، وەک لەوەی لەدەقە شانۆییەکەدا ئاماژەی پێدرابێت. ئەمەش نوێگەریەکی تری دەرهێنەرە بۆئەوەی پێمان بڵێت بونی بێرتایە توانیوەتی کێشە و ململانێی شانۆییەکە دروستبکات. بەبڕوای سدیق عەزیزی دەرهێنەر ئەگەر ئەو منداڵە لەنێوان ئەم ژن و مێردەدا نەبوایە بێگومان ئەم کێشانەش بونی نەدەبو، بۆیە ئەم قورسایی کارەکتەرە، دەرهێنەر لەسەر شانۆ لەڕێگەی ئەکتەرەوە زیاتر بەرجەستەی کردوەو ئامادەبونی پێبەخشیوە. بۆیە دەسکاریکردنی تێکستی نوسەر لەلای دەرهێنەر بۆ بەخشینی جیهانبینی دەرهێنەر و بەمۆدێرنەکردنی نمایشەکەیە. هەرچەندە دەرهێنەر کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوە و بونیادنانەوەی دەق نەکردوە، بەڵکو لەناو چوارچێوەی دەقی نوسەردا کاری مۆدێرن و داهێنەرانەی کردوە.

سدیق عەزیز لەڕوی مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بەهەمان شێوە کاریگەری شانۆی مۆدێرنی بەسەرەوە بوە، بەتایبەت دەرهێنەری گەورەی ڕوسی (کوستانتین ستانسلافکی). ستانسلافسکی وەک دەرهێنەرێکی مۆدێرن لەناو هونەری شانۆدا ناسراوە و لەسەرەتاکانی بەزانستی کردنی شانۆدا کاریکردوە. سدیق عەزیز وەک دەرهێنەر سودی لە تیۆرییەکەی ستانسلافسکی وەرگرتوە بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەکتەردا. لەم شانۆییەدا ئەکتەرەکان بەشێوازێکی ورد و بەئاگاییەوە نواندنەکانیان ئەنجامدەدەن، بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکانیاندا دەکەن، بینەران هەست بەڕاسگۆی ڕۆڵەکەیان بکەن. بێگومان ئەمەش لەژێر چاودێری و ڕاهێنانی دەرهێنەردا بوە. بەئاشکرا هەست بە هۆشیاری دەرهێنەر دەکرێت بەسەر پانتایی نمایشەوە. هەروەک چۆن ستانسلافسکی ڕاهێنانی بەئەکتەرەکانی کردوە، دەرهێنەر لەژێر ڕۆشنایی و کاریگەری ئەودا کاری لەگەڵ ئەکتەرەکان کردوە. بەجۆێک کاری کردوە هەوڵیداوە ئەکتەرەکان هەستە ناوەکیەکانیان تێکەڵی نواندنەکەیان بکەن و ڕاستگۆی لەنواندنیاندا هەبێت.

(گرنگ ئەو ڕاستگۆییەیە لەنواندندا، کە بەهەست و هۆش کەسایەتیەکەت تێیدا بژی، کە بەبڕوای تەواوەتییەوە بەو هەستەی لەناخدا هەستی پێدەکەیت، ئەوا بێگومان بەڕاستگۆی لەدەربڕینەکەتدا دیاری دەدات و هەر لەهەمان ڕاستگۆیی و بڕوا پێبونتەوە، بینەرانیش بڕوات پێدەکەن) (سالار:٢٠١٠:٩٥).

لەم شانۆییەدا هەستدەکەین ئەکتەر دەستی بەسەر پانتایی نمایشدا گرتوە و بینەر دەخەنە بەردەم ئەو ڕاستیەی هەست بکەن ئەم نمایشە نمایشی ئەکتەرە. بەڵام وەک توێژەرێک یان وەک ڕەخنەگرێک لەنمایشی باوک بڕوانین دەبینین دەرهێنەرێک لەسەر شێوازی شانۆی مۆدێرن لەپشتی نمایشەکەوەیە. دەرهێنەرانی شانۆی مۆدێرن پشت بەڕاهێنانی ئەکتەر و پرۆڤەی ئەکتەرەکان دەبەست، بۆئەوەی بینەران هەست بەڕاستگۆیی نمایشەکە بکەن. دەرهێنەر لەم شانۆییەدا زەمینەی نواندنی بۆ ئەکتەرەکان ڕەخساندوە و توانیوەتی وەک ڕاهێنەرێک ڕێنمای بە ئەکتەرەکانی بدات بۆئەوەی کاری داهێنەرانە و نوێگەریانە ئەنجام بدەن.

لەنمایشی شانۆی باوکدا دەرهێنەر (سدیق عەزیز) هەوڵیداوە بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ کرداره ناوەکییەکانی ئەکتەردا بکات، کەدەرهێنەر (ستانسلافسکی) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە. هاوکات لایەنی فۆرمی نمایشەکەشی فەرامۆش نەکردوە و هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر فۆرمی نمایش. هەم لەڕێگەی سینۆگرافیا و هەم لەبەرجەستەکردنی هەندێک توانای نواندندا. ئەمەش پشت ئەستورمان دەکات، کەئەم نمایشە وەک نمایشێکی مۆدێرن لەقەڵم بدەین و باسی بکەین. دەرهێنەر لەسەر بنەمای شانۆی مۆدێرن و دەرهێنەرە مۆدێرنەکان وەک شانۆکارێکی کورد کاری کردوە و توانیویەتی پەیڕەوی ئەو ڕێبازە شانۆییانە بکات.

هەرچەندە کارەکتەری کاپتن و لاورا لەم نمایشەدا هەڵسوڕێنەری تەواوی ڕودای شانۆییەکەن، بەڵام دەرهێنەر بەشێوازێکی ورد و ڕاهێنراو، توانیویەتی سەرجەم کارەکتەرەکانی تر بەباشی بەکاربهێنێت و ئەکتەرەکان هەرچەندە ڕۆڵیان کەمبێت بەڵام بەئاستی نواندێکی باڵاوە نواندنیان ئەنجام داوە، بەتایبەت لەنواندنی هەریەک لەئەکتەران (شادان فوئاد و دییە عەلی و دڵشاد ئەحمەد)دا ڕەنگی دابوو. ئەم دو ئەکتەرە ڕۆڵیان لەسەر شانۆ کەم بو، بەڵام ئامادەبونیان وەک ئەکتەر هیچی کەمتر نەبوە لە ئەکتەران (شەماڵی عەبەڕەش و خەرمان هیرانی) لەڕوی نواندنەوە.

دەرهێنەر لەژێر کاریگەری شانۆی مۆدێرندا ئەم هەنگاوانەی لەگەڵ ئەکتەردا ناوە:

١- نزیکایەتی فۆرمی ئەکتەر لەگەڵ کارەکتەردا.

٢- پەیوەندی سایکۆلۆژی لەنێوان ئەکتەرەکاندا.

٣- بەکارهێنانی جەستە وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ئامانجەکان.

٤- بەرزی و نزمی توانا دەنگییەکان لەلایەن ئەکتەرەکانەوە.

٥- بەکارهێنانی ئەکتەر بۆ گەیاندنی پەیامی نوسەر و دەرهێنەر.

خاڵێکیتری گرنگی دەرهێنەر لەم نمایشەدا بونی (ستەیج دیزاین)ە ڕێکخستنی سەرشانۆ، وەک سینۆگرافیای نمایش. لەگەڵ یەکەم بەرکەوتەی بینینماندا لەم نمایشەدا، بەر شێوازێکی نوێ و جیاوازی سینۆگرافیا دەبینەوە لەناو نمایشەکەدا. چونکە دەرهێنەر سینۆگرافیایەکی بونیادناوە جیاواز لەوەی نوسەر لەدەقەکەیدا داوای کردوە، ئەمەش جۆرێکی تری بەمۆدێرنکردنی نمایشە لەلایەن دەرهێنەرەوە. هەرچەندە ستایلی شانۆییەکە ڕیالیزمییە و جوڵە و ئەدای ئەکتەرەکانیش بەهەمان شێوە لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی کاردەکەن، بەڵام دەرهێنەر لەڕوی سینۆگرافیاوە دیدێکی نوێی بۆ کارەکە دروستکردوە. ئەمەش پەیامێکە لەدەرهێنەرەوە بۆ بینەرەکانی کە پێمان دەڵێت، پێویستە تازەگەری لەناو فۆرمی باوی شانۆدا بکرێت و بینەران بۆ بینین دێن بۆ ناو نمایشەکان، نەوەکو بۆ گوێگرتن و گێڕانەوەی دەق.

پانتاییەکی جیاواز لەناو نمایشدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە دەرهێنەر نایەوێت ئەم شانۆییە تەنیا پەیوەست بکات بە کۆمەڵگەی سوید و ئەوروپییەوە، بەڵکو دەیەوێت بەشێوەیەکی گشتگیر ماڵێک دروستبکات پەیوەست بێت بەهەمو کۆمەڵگەکان و هەمو خێزانێکەوە. بەتایبەت خێزانی کورد و کۆمەڵگەی عێراق. لە باگگراوندی شانۆکە و بەدیواری پشتەوەی شانۆکە چەند پارچەیەکی درێژ لەسەرەوە بۆ خوارەوە دانراون، بەکاغەزی ڕەنگێکی زەردی تۆخ کە بەسەر ڕەنگی قاوەیدا دەڕوانێت. دەرهێنەر جیاواز لە نوسەر ماڵێکیتری بۆ دروست کردوین، ماڵێک لەخەیاڵ و دیدگای دەرهێنەر و دیزاینەردایە. دواتر ئەو ماڵە نامۆیە لای بینەران دەبێتە ماڵێکی ناسراو و نوێ. دەرهێنەر لەژێر کاریگەری دەرهێنەرە مۆدێرنەکاندا کاری لەسەر سینۆگرافیا کردوە و پەیوەست نەبوە بە نوسەرەوە و هەوڵیداوە تازەگەری بکات لەبونیادی نوسەرەردا.

ئەو ماڵەی دەرهێنەر دروستیکردوە، مێز و کورسی تێدایە. بەڵام شێوازی دانانی مێز و کورسییەکان بەشێوەیەکی ناڕیک و لار، دیسانەوە بینینێکی نوێمان دەداتێ بۆ نمایشەکە. بەدانانی ئەو شێوازە لە مێز و کورسییەکان، دەرهێنەر پێمان دەڵێت، ئەم ماڵە کێشەی تێدایە و کەسەکانی ناو ماڵەکە ناگونجێن پێکەوە. ئاماژەدان لەڕێگەی سینۆگرافیاوە کارێکی هۆشیارانەی دەرهێنەرە، کەپێمان دەڵێت ناکرێت تەنیا بەدیالۆگ باسی کێشە و ڕوداوەکان بکەین، بەڵکو دەبێت وێنەکان دروستکەری مانای نمایشەکەبن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەرهێنەر پشتبەستو بە شانۆی مۆدێرن کاری کردوە، چونکە هەردو خاڵی بەهێزی شانۆی مۆدێرن لەناو ئەم نمایشەدا ڕەنگی دابۆوە، کەئەوانیش:

١- بەکارهێنانی ڕوناکی بۆ مانای نمایش.

٢- دروستکردنی پانتاییەکی نوێ لەناو نمایشدا.

دەرهێنەر پشتبەستو بەو ئەزمونەی لەشانۆی ئەوروپییدا هەیەتی، توانویەتی کەشێکی هونەری مۆدێرن لەناو شانۆکەیدا بخوڵقێنێت. بەدروستکردنی ڕوناکی لەسەر شانۆ و هەندێک جار ئەو تیشکانەی لەباگگراوندی شانۆکەدا بەسەر دیکۆرەکەیدا دروستی کردبون، توانیبوی کەشێکی هونەری لەتابلۆیەکی هونەریدا کۆبکاتەوە. دەرهێنەر ڕوناکی تەنیا بۆ ڕوناککردنەوەی دیمەنەکان بەکارنەهێناوە، بەڵکو ڕوناکی وەک کارەکتەرێکی سەرەکی نێو نمایشەکە هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەم حاڵەتەش دروستکردنی کەشێکی نوێی بەنمایشی باوک بەخشیبو.

خوڵقاندنی پانتایی نوێ لەنمایشی باوکدا، جۆرێکی تری تایبەتمەندیەکانی (سدیق عەزیز)ی دەرهێنەرە. چونکە دەرهێنەر هەوڵیداوە پانتاییەکی نوێ لەسەر شانۆ بەرهەم بهێنێت، جیاواز لەو کارانەی بەرلەخۆی ئەنجامدراوە. هاوکات خوڵقاندنی ئەو پانتاییە وا لەبینەران دەکات خۆی لەنێو نمایشەدا ببینێتەوە. بەتایبەت بینەری کوردی هەم خۆی لەناو پانتاییەکی نوێ دەبینێتەوە و هەم بەر بیرۆکەیەکی نوێ دەکەوێت.

دەرهێنەر بەدروستکردنی ئەو پارچانەی لە کاغەزێکی لێکدراوی درێژ بەڕەنگی زەرد و قاوەی دروستیکردون و لەپشتەوەی شانۆدا لەسەقفی شانۆکەوە بۆ خوارەوە دایناون و کردونی بە کوالێس بۆ هاتنە ژورەوە و چونەدەرەوەی ئەکتەرەکان، پانتاییەکی نوێی بەشانۆکە بەخشیوە. چونکە نەهاتوە بەشێوەیەکی تەقلیدی ماڵێک دروست بکات و دەرگا و پەنجەرەی بۆ دروست بکات. بەڵکو وەک کارێکی سومبولیزم ئەو پانتاییە نوێیەی خولقاندوە. سدیق عەزیزی دەرهێنەر دەیەوێت بەدانانی ئەم سینۆگرافیا نوێیە پێمان بڵێت، ئەم ماڵە دەرگایەکی نییە بۆ داخران و نهێنی، ئەوەی هەیە لەبەرچاوی هەموان ئاشکرایە و دەبێت هەموان بیزانن. لەم ماڵەدا کەس لەدەرگا نادات بۆئەوی بێتە ژورەوە و کەسیش دەرگا داناخات بۆئەوەی بچێتە دەرەوە. کەواتە ئەم پانتاییە نوێیە دەرگای چەندین ڕوانینی نوی لەبەردەم بینەراندا

دەکاتەوە، لەڕێگەی دیزاینی سەتەیجەکەیەوە بەبینەران دەڵێت، نابێت هیچ شتێک بەنهێنی لەمماڵەدا بمێنێتەوە، دەبێت هەمو ئەو کێشە و ململانێیانەی لەناو ئەم خێزانەدا بونی هەیە هەموان بیزانین. پێشکەشکردنی ئەم دیدە جیاواز و نوێیە ئەوەمان پێدەڵێت، بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە بەرەو ئەوە دەچین نهێنی نەمێنیت لەناو خێزانەکاندا و بەبەر چاوی هەموانەوە بەشێک لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا نهێنییەکانی ماڵ و خێزانیان بۆ هەموکەس بەیان دەکەن.

دروستکردنی مێز و کورسیەکان، لەلای دەرهێنەر ئاماژەی ماڵێکی تەقلیدیمان پێنابەخشن، بەڵکو فۆرمێکی مۆدێرن لەنەخشەی شانۆکە بەرهەمدەهێنن. تەنانەت هەر ئەکتەرێک لەسەر کورسییەکان دابنیشێت مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ ئەو موفرەدانە دەکەن، کورسی تەنیا وەک ئاماژەیەکی باو بۆدانیشتن بەکارنایەن، بەڵکو چەندین گۆڕانکاری بەسەر جەستەی ئەو موفرەدانەدا دێت. کاتێک لەدیمەنەکانی پێش کۆتایدا، کاپتن و لاورای خێزانی گفتوگۆ دەکەن، لەدیمەنێکدا کاپتن لەسەر کورسیەکە دەکەوێت و کورسییەکەش لەگەڵ خۆیدا لەباوەش دەگرێت و دەگری و دەڵێ:

(کاپتن: بەڵێ، دەگریم، سەرەڕای ئەوەی کە پیاویشم، دەگریم. ئەی بۆ پیاو چاوی نییە؟ ئەی بۆ پیاویش وەک ژن دەست و قاچ و هەست و سۆزی نییە؟........ .

لاورا: دەبگری، کوڕەکەم. لەبیرتە من وەک دایکی دووەمت هاتمە ناو ژیانتەوە؟

کاپتن: (لەبەشێکی تری دیالۆگەکانیدا دەڵێ) منێک لەبنکەی سەربازیدا لەبەردەم سوپادا فەرمەندە بوم، بەڵام ئێستا لەبەردەم تۆدا بومەتە گوێ لەمشت) (نمایشی باوک،٢٠١٩). لەم دیمەنەدا، دەرهێنەر ئەو کورسییەی کاپتنی لەسەر دانیشتوە لەگەڵ کاپتندا کەوتونەتە سەر زەویەکە و لاوراش لەسەر مێزی بەردەمی کورسیەکاندا قاچ لەسەر قاچ دانیشتوە و دیالۆگ دەڵێ. بەم دیمەنە دەرهێنەر پێمان دەڵێ، هەمو دیمەنەکە ئاوەژو بۆتەوە و ئەو کورسیانەی کاپتن بەئاسانی لەسەر دانیشتوە ئێستا ئەو کورسی دەسەڵاتەش لەگەڵ ڕوخانی کاپتندا ئەویش دەڕوخێت. لەدوای ئەم دیمەنەوە، کورسی پیاوسالاری هەرەس دێنێت و دەرهێنەر پێمان دەڵێ ژن ئازادە لەهەر شوێنێک دادەنیشێت و لەهەرشوێنێک دەوەستێت. لەکۆتا دیمەنی شانۆی باوکدا، دەرهێنەر هەمو ئەکتەرەکان بەپێوە لەچواردەوری (شەماڵی عەبەڕەش) وەستاندوە و ئەویش لەسەر شانۆکە پاڵکەوتوە و داوا لە دایەنەکە دەکات جلە سەربازییەکانی لەبەربکات. لەو دیمەنەدا دەرهێنەر جۆرێک لەهەڵگەڕانەوەمان بۆ دروست دەکات، دەرهێنەر دەیەوێت بینەرەکەی هەموکات توشی سەرسوڕمان بکات، بەدرێژای نمایشەکە بینەران لەبەردەم نواندنی ئەکتەرەکاندا لەسەر سوڕماندان، بەڵام دەرهێنەر دەیەوێت لەڕێگەی چیرۆکەکەشەوە توشی سەرسوڕمانمان بکات. بەدرێژای نمایشەکە ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ لاورا و بێرتادا، بەڵام لەدیمەنی کۆتایدا دەرهێنەر ئەو ئەفسونەمان بۆ تێکدەشکێنێت و پەیامێکی ڕۆژهەڵاتی باوکسالاریمان پیشان دەدات. دەرهێنەر سوزی پیاوانەی دەجولێت و دەیەوێت پێمان بڵێت، هەرچەندە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەوڵی کوشتنی دەسەڵاتی باوک دەدات، بەڵام هەمیشە هەست و سۆزی لەگەڵیدایە و خۆی بەتاوانبار دەزانێ بەرامبەر باوک. دەرهێنەر بەدیمەنێکی تەواو سۆزاویەوە لەنێوان کاپتن و دایەنەکەدا، کەهەردو ئەکتەر (شەماڵی عەبەڕەش و شادان فوئاد) ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، دەمانخاتە بەردەم پەشیمانی و بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی باوکەکان. سدیق عەزیزی دەرهێنەر لەم دیمەنەدا زۆر بەوردی کاری لەسەر سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی کردوە، دەرهێنەر بەدروستکردنی ڕیتمیکی خاو و سۆزی گریاناوی هەردو ئەکتەر، بینەران دەخاتە حاڵەتی پاکژبونەوەوە. پاکژبونەوەیەک غەم و ئازار و گریانمان بێت بۆ کوشتی باوکمان، پەشیمان بینەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەمان لەسەر چەمکی دەسەڵاتی باوک سالاری.

دەرهێنەر بەدروستکردنی ئەم دیدە مۆدێرنەوە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی، ئایا پێویستمان بە نەهێشتنی دەسەڵاتی باوکسالارییە؟ ئایا پێویستمان بەشۆڕشی فیمینزمیە؟ ئایا بۆ کۆتایی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی باوک لەخێزاندا، پێویستە چی بکەین؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە دەرهێنەر لەکۆتا دیمەندا ڕوبەڕوی بینەرانی دەکاتەوە.

## دەرئەنجامەکان

١- سەلماندنی کاریگەری شانۆی مۆدێرن بەسەر جیهانبینی دەرهێنان لەشانۆی باوکدا.

٢- شانۆی باوک توانیویەتی پراکتیزەی پرۆسەی دەرهێنانی شانۆی مۆدێرن ئەنجام بدات بەپشتبەستن بە ڕێبازەکانی شانۆی جیهانی.

٣- بەئەنجامدانی جیهانبینیەکی نوێ بۆ بەرجەستەکردنی شانۆی باوک لەناو پانتایەکی نوێدا، دەرهێنەر سدیق عەزیز توانیویەتی وەک دەرهێنەرێکی شانۆی مۆدێرن کاربکات.

٤- لەڕێگەی ئەکتەر و پێداویستییەکانی نمایشەوە، بەشێوازێکی نوێ و جیاواز، شانۆی باوک ڕەهەندەکانی شانۆی مۆدێرنی بەرجەستە کردوە، بەشێوەیەک توانیوییەتی پەیوەندی لەنێوان نمایش و بینەران دروست بکات.

٥- پێشنیار کردنی بیرۆکەی نوێ لەلایەن دەرهێنەر (سدیق عەزیز)ەوە لەناو چوارچێوەی دەقێکی ئەوروپیدا و گونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا، بە پێی پرنسیپەکان هەنگاونانە بەرەو شانۆی مۆدێرن.

٦- دەرهێنەر بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لەشانۆی (باوک) دەروازەیەکی مۆدێرنی بەرجەستە کردوە لەناو شانۆی کوردیدا.

## ڕاسپاردەکان

١- پێویست دەکات دەرهێنەران میتۆد و ڕێبازەکانی شانۆکارانی مۆدێرنی جیهانی جێبەجێبکەن.

٢- پێویستە دەرهێنەران ئەو دەقە شانۆییانەی دەتوانن ببنە پرسیار و چیرۆکی نوێ لەکۆمەڵگەدا هەڵبژێرن.

٣- خۆ پەروەردەکردنی دەرهێنەرانی شانۆکاری کورد، بە ئەنجامدانی دیدگای نوێ لەشانۆدا.

4- بەکارهێنانی ڕوناکی و تەکنەلۆژیا بۆ دروستکردنی کەشێکی مۆدێرن لەناو پانتایی شانۆدا.

## سەرچاوەکان


جاف، فازیل(٢٠٠٨)دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

جهانبەگلو، ڕامین (2003) مۆدێرنیتە لەچەمکەوە تا بەواقعی بون، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سالار، ئەحمەد(٢٠١٠) وانەکانی هونەری نواندن، زنجیرە کتێبی گۆڤاری شانۆ، هەولێر.

ستریندبێرگ، ئاوگۆست(٢٠١٥). باوک، وەرگێڕانی، دلاوەر قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عبدالرحمان، حەیدەر(٢٠٠٧)چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی،دەزگای ئاراس،هەولێر.

عەزیز،حەمەسوار(٢٠٢١)ئیستاتیکای تاریکی،سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر.

فەرهادپور،موراد (2006) جوانناسی شکست. بەشی(ناکۆکیەکانی مۆدێرنیزم) . وەرگێڕانی مەنسوری تەیفوری.چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی

هابرماس (2010) گوتاری فەلسەفەی مۆدێرنە.وەرگێڕانی هاوژین مەلا ئەمین،لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی،سلێمانی.

(اردش،سعد(١٩٧٩) المخرج المسرحي المعاصر.المجلس الوطني للثقافة والادب، الكويت.

امل،احمد(٢٠٠٩) نظرية فن الاخراج المسرحي دراسة في اشكالية المفهوم.دار البيظاء،دمشق

الجلبي،سمير عبدالرحيم(١٩٩٣)معجم المصطلحات المسرحية،در المؤمن،بغداد.

حرب، علي(١٩٩٤) آسئلة الحقيقة ورهانات الفكر، دار الطبيعة للطباعة والنشر، بيروت.

دوفينيو،جان،(١٩٨٨) فضاءات العرض المسرحي،ترحمادة ابراهيم، مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي،قاهره

العبودي،د.جبار جودى،(٢٠٢١)،جماليات الحداثة التقنيات والفكر والخيال في المسرح.الهيئة العربية للمسرح،الشارقة.
عيد،كمال الدين(١٩٩٦)مناهج عالمية في الاخراج المسرحي.سان بيتر للطباعة،قاهره
فريد،بدري حسون&عبدالحميد،سامي(١٩٨٠)مبادىء الاخراج المسرحي،وزارة التعليم العالي والبحث الحلمي.جامعة بغداد.
مايرخولد،فيسفولد(١٩٧٩) في الفن المسرحي، الكتاب الثاني. تر شريف شاكر ،دار الفارابي،بيروت.
هلتون،جوليان (2001) نظرية العرض المسرحي، ترجمة د. نهاد صليحه. منشورات مركز الشارقة للابداع الفكري،الشارقة.
يفانز،جيمس روزا (١٩٧٩) المسرح التجريبي من استانسلافسكي الى اليوم،ترجمة فاروق عبدالقادر،دار الفكر العاصر،دمشق.
روبين، ژان ژاک ( ٢٠٠٧ ) تئاتر و کارگردانی. ترجمه مهشید نونهالی.سلسله انتشارات،نشر قطره. تهران.
ف،تيريشكوفيتش (1979) مجلة الحياة المسرحية. ترجمة ريمون بطرس. العدد 9.
لەتیف،نیاز(٢٠١٩)ڕوانین و وێناندن لەهونەری دەرهێناندا،گۆڤاری تاڤ،ساڵی دوەم.
محەمەد،گۆران(٢٠١٨) میزانسێن لەشانۆدا، گۆڤاری تاڤ، ساڵی یەکەم ژمارە یەک.
نمایشی شانۆی باوک، نوسینی ئاوگۆست ستریندبێرگ،وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، دەرهێنانی سدیق عەزیز:ساڵی نمایش٢٠١٩
محەمەد،کاردۆ عەزیز(٢٠٢٣) پرۆگرامێکی پێشنیازکرا و بۆ بابەتی نواندن لەبەر ڕۆشنایی ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا بۆ قۆناغی پێنجەمی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەرێمی کوردستان.
حسن،نیاز لەتیف(٢٠١٦) تەکنیکی دەرهێنان لەسینەما و شانۆدا، خوێندنەوە بۆ فیلم و نمایشی شانۆیی لە کوردستانی عێراق لەماوەی ١٩٩٨-٢٠١٣.